


# دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی

**هاشم سەڕاج**

له خوێندنەوەی پێشوودا بۆ کتێبی «دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی» دوکتۆر یادگار لەتیف شارەزووری (گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٥٢) لە تێزی فینۆمینۆلۆجیای ئەدمۆند هۆسرەل دوام و کاریگەری بیری هۆسرەل و ئەم تێزە لەسەر کایە مەعریفییە جیاوازەکان و میتودە ڕەخنەییەکان و قوتابخانەی ڕەخنەی بابەتی و ڕەخنەی نوێ و ڕەخنەی تەوەرگرتوو بە دەوری دەق و فۆرمالیستە ڕووسەکان و بنەماگەرایی و هێرمینیۆتیکا...تاد، خرایە ڕوو، لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم لە چەمکی سیمیۆلۆژیا و ڕەخنەی سیمیۆلۆژی بدوێم.

دوکتۆر یادگار لەتیف بە وردی لە گەشەسەندنی بنەماگەرایی، یان بنیادگەرایی دەدوێت، بنیادگەرایی وەک میتودێکی ڕەخنەیی و تیورێکی ئەدەبی لە شەستەکانی سەدەی بیستدا گەشە دەسەنێت، بە تایبەتی لە ڕێگەی کۆمەڵێک نووسەر و بیرمەند و ڕەخنەکاری وەک، ڕۆلان بارت، جیرار جینێت، ئەلگراد جۆلیان گریماس، ڕۆمان یاکۆپسن، تزڤیتان تۆدۆرۆڤ...تاد، دواتر سنووری ئەوروپا تێدەپەڕێنێت و بۆ ڕەخنەی ئەمەریکی دەگوێزرێتەوە، بنیادگەری لە سەرەتای سەدەی بیستەوە پێشکەوتنێکی باش بەخۆیەوە دەبینێت، لە پاش نیوەی دووەمی هەمان سەدە وەک وەرچەرخانێک پێی دەنێتە نێو سەردەمێکی ڕەخنەی نوێ کە بە [پاش بنیادگەری، یان پاش مۆدێرنە- لە بازنەیەکی فراوانتردا] خۆی دەناسێنێت، کە نایەکانگیر و دژ بە بنەماکانی بنیادگەرییە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بزاڤە ڕەخنەییە تارادەیەک لە کاریگەری بنەما هزری و شیکارییەکانی بنیادگەری بێ بەش نییە و زۆرێک لەو نووسەر و بیرمەندانەی ئەم ڕەوتە نوێیە پێشتر سەردار و پێشەنگی بنەماکاگەرایی بوون، لەوانە لیڤی شتراوس، ڕۆمان یاکۆپسن، ڕۆلان بارت، جولیا کریستیڤا، کریستیان میتز... بەڵام لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو بە درێژایی هەشتاکان، بنەماگەرایی دووچاری هێرشی بەردەوامی پاش بنەماگەراکان دەبێتەوە، ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگیرا کە خاوەن سروشتێکی نا ئەدەبییە و هەوڵێکی زانستییانەی ڕوونە بۆ بەرتەسککردنەوەی زمان و ئەدەب و خزاندنیەتی لەناو چەند دوالیزمێکی دژ بەیەک و کاری

شـیکاری کـورت کـردووەتەوە لە دۆزینەوە و وەسـفکردن، بە پشت بەستن بە پێـوەندی ڕاسـتـەوخـۆی چەمکی دال و مەدلوول.

ئیتر لەم سەروبەندەدا سیمیۆلۆژیا وەک فریادڕەسێک زیندوو دەبێتەوە و ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی میتودی نوێ خۆش دەکات، سیمیۆلۆژیا، زانستی هێمـا گـرنگی بە هەمـوو شێـواز و جۆرەکانی گوتار دەدات. وەک وێنە، جـوولـە، فـیـلم، جلوبەرگ و تێرامان...تاد.

ئەم زانسـتـە «Semeiotike» ڕەگـوریشـەی بۆ گـریکەکـان دەگـەڕێتـەوە، وەک دەسـتـەواژەش هەردوو زاراوەی سـیـمـیـۆلۆژیا و سـیـمـیـۆتیکا بەکـاردەهێنرێت، سیمیۆلۆژیا چالاکییەکی تایبەتەو لە سروشـتی هێـمـاکـان «العـلامـات Sings» دەکۆڵێتەوە، کە مێشکی مرۆڤ بۆ تێگەیشتنی شتەکان، یان گەیاندنی مەعریفە بە ئەوانی دیکە بـەکـــاری دەهـێنـێت، بـابـەتی سیمیۆلۆژیا لە دەورانی ئەفلاتوون و ئەرسـتـۆوە گـرنگی پێ دراوە، لە سەدەی بیستیشـەوە وەک بوارێکی ڕەخنەی نوێ دەردەکەوێت و کـاتێک «پێرس»ی فەیلەسووفی ئەمریکی و «فردیناند دی سۆسێر»ی زمانناسی سویسری دەیخەنەوە گەڕ، سروشتی هێماکان جێگای سەرنج و تێرامانی سـۆسـێـر بوو، دەیگوت دەکـرێت زانسـتـێکی تایبـەت بە ژیانی هێـمـاکـان «العـلامـات» لە هەناوی کۆمەڵگادا دابمەزرێت و بەشێک بێت لە زانسـتی دەروونزانی کـۆمـەڵگە، من ئەم زانســتـــە نـاودەنێـم سیمیـۆلۆژیا، ئەم زانسـتە تایبـەت دەبێت بە ناسینەوەی نیشانەکان و دەسـتنیشـانکردنی ئەو یاسایانەی جـلـەوی هێـمـاکـان دەکـەن و لێکۆڵینەوەی زمـان چوارچێـوەی گشـتی ئەم زانسـتـە دەبێت و خـودی زمـانـزانی بەشـێـک دەبێت لە بەشـەکـانی و یاسـا و ڕێسـا دۆزراوەکـانیـشی بەسـەر زمـانزانیـدا جێبەجێ دەکرێت، سۆسێر پێی وابوو زمان ڕستێکە «نسق» لە هێماکان و دەربڕینە لە بیـروبۆچوونەکـان و هاوشـێـوەی نووسین و ئەلف و بای کەڕ و لاڵ و سرووتە ئاینییەکان و شێـوازەکـانی خـوایشـتی ڕۆژانە و هێـما سـەربازییـەکـانە، بەڵام دواتر ڕۆلان بارت بۆچوون و هاوکێشەکەی سۆسێری ئاوەژوو کردەوە و زمانی بە سەرچاوە دانا و سیـمیـۆلۆژیای وەک بەشێکی زمـان ناساند، بەو هۆیەی هێـمـاکـان بە های خـۆیان لە ڕێی نووسین و ڕوونکردنەوەی زمانییـەوە بەدەست دەهێنن.

بارت لە کتێبی «سیستمی مۆدە» کە تایبـەتە بە جیـهانی جلوبەرگ و کـەشـخـەیی و گـشـت هێـمـا نا زمانییەکانی ئەم بوارە، بە وردی ئەم بابەتەی شی کـردەوە، بارت پێی وابوو هیچ هێـمـایەکی نا زمـانی ناتوانێت بەبێ پشت بەستن بە هێما زمانییەکان هەبێت، بۆیە دەپرسێت و دەڵێت: هیچ ڕستێکی بابەتی هەیە پشت بە زمان نەبەستێت؟ ئایا زمان جـێـگرەوەی حـەتمی هەمـوو سیستمێکی هێمادار نییە؟ بارت دەگـاتە ئەو ئەنجامـە کـە مـرۆڤ گرێدراوەی زمانی قسـەکردنە و هیچ دامـەزراوەیەکی سـیـمـیـۆلۆژیانە ناتوانێت ئەمـە پشـتگوێ بخـات و لەوانەیە پێویست بێت داڕێژانەکەی سۆسێر پێچەوانە بکەینەوە و بڵێین سیمیـۆلۆژیا بەشێکە لە زمـانزانی. ئەوەی ڕاسـتی بێت نووسـەر زۆر بە وردی لە بـابـەتـەکـــان دەدوێت و بیـروبۆچوونەکـان دەخـاتە ڕوو و سۆسێر پێی وابوو، دال و مـەدلوول پێـوەندییـەکی هەڕەمـەکی «بێ مەبەست» بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە و دال و مەدلوول دووانەیەکی پێکەوە بەسـتـراون، وەک دوو ڕووی یەک دراو لە یەک جیـا ناکرێنەوە، دال.. وێنەیەکی دەنگی هەست پێ کـراوە «حسی» پێـوەندی بە هەسـتـەکـانەوە هەیە، کە لە ناو مێشکی گـوێگردا دەزرنگێـتـەوە و لە ڕێگەی هەسـتی بیستنەوە دەبێتە مایەی دروستبوونی «وێـنەیـەک، یـان بۆچـوونـێـک، یـان تێگەیشـتنێک لەناو مـێـشکدا» هەردووکیشیان، واتە دال و مەدلوول سروشتێکی دەروونیان هەیە و لەنێو مـێـشکی مـرۆڤـدا لە ڕێگەی دووبـارەبـوونـەوە و هـاتـنـە وەڵام و ئیـحـاکـانەوە یەک دەگـرن، واتە لای سـۆسـێـر زمـان تەوەر و بازنـەی خولانەوەی هێـمـایە، لەم بوارەشـدا کـۆمـەڵێک بە ڕێگەی جـۆراوجـۆر لەسەر ئاستی دەنگی و فۆرمۆلۆژی و ڕسـتـەیی دەخـاتە ڕوو، بەڵام تیـۆرەکـەی [چارلز سـاندەرز پێـرس ١٨٢٩-١٩١٤] فراوان و گشتگیرە خـۆی بە ئاسـتـە زمـانیـیـەکـانەوە نابەستێتەوە و بوار و ڕەهەندەکـانی ژیانی لە بەرانبەردا دەکاتەوە.

زۆر لە سـیـمـیـۆلۆژییـەکـان لە تێڕوانینە سیمیۆلۆژیاییەکانی پێرس سـوودمـەندبوون، لەوانە جـولیـا کریستیڤا کە دەڵێت بە ڕاستی ئێمە قـەرزاری پێـرسین. پێـرس پێی وایە سـیـمـیـۆلۆژیا چوارچێـوەیەکی سـەرچاوەییـەکـە هەمـوو بوارە مـەعریفییـەکانی تر لەخۆ دەگرێت وەک بوارەکـانی مـاتماتیک و میتافیزیکا و دەنگسازی و کیمیا،

یان ئابووری و دەروونزانی و کۆمەڵناسی و زانستی پزیشکی، گشتیان بە کەشێکی هێمایین دەورەدراون کەشەکەش لە سێ جۆردا خۆی دەبینێتەوە، ئەوانیش ئاماژە و ئایکۆن و ڕەمزە.. لە جۆری یەکەمدا ئاماژە - العلامة - index» پێوەندی نزیکێتی نێوان هێما و هێما بۆکراو فاکتەری سەرەکییە، وەک دووکەڵ کە نیشانەی بوونی ئاگرە، شوێنەواری پێ لەسەر بەفر کە نیشانەی گوزەرکردنی کەسێکە، جۆری دووەم ئایکۆن «الأیقون icon» هێمای هاوتاو هاوشێوەی ئەو شتەیە کە هێمای بۆ دەکات. وەک نموونەی تەلارسازی، یان نەخشە، واتە وێنەی بچووککردنەوەی شتەکە، وەک وێنەی کەوچک و چنگاڵ کە هێمایە بۆ بوونی چێشتخانە لەو ناوەدا، تایبەتمەندی جۆری سێیەمیش سیمبۆل «ڕەمز Symbol» لەوەدایە بەپێی ڕێککەوتنی خەڵک هاتووەتە بوون، ئیتر ڕێککەوتنی سروشتیانە بێت وەک «کۆتر کە بە ڕەمزی ئاشتی دانراوە»، یان دامەزراوانەیە وەک دەستەواژە و نیشانەکانی هاتوچۆ، سوور بوەستە، زەرد، ئامادەبە، سەوز دەرچۆ، ئایکۆن هاوچەشنی ئەو شتەیە لە واقیعدا نمایشی دەکات، واتە هێما و هێما بۆکراو یەک شتن، وەک وێنەی فۆتۆگرافی کەسێک، یەک خاڵ هەیە کە ئایکۆن لە دوو جۆرەکەی تر جیا دەکاتەوە ئەویش بوار فراوانیەتی، چونکە ئایکۆن بە تەنیا وابەستەی وێنە نییە، لەبەر ئەوەی لە زماندا لاساییکردنەوەی دەنگیمان هەیە، وەک حیلەی ئەسپ، وەڕینی سەگ، میاواندنی پشیلە و لوورەی گورگ و هاژەی ئاو، ئەم جۆرە لاساییکردنەوەیە بە ئایکۆنی دەنگی ناودەبرێن.

هەروەها ئایکۆنی بۆنیشمان هەیە کە هاوتای بۆنە سروشتییەکانە، هەرچی ئاماژەشە پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ هێما بۆکراوە سروشتیەکەدا هەیە، ڕەمزیش پشت بە ڕێکەوتن و لێڕاهاتنی کۆمەڵایەتی دەبەستێت، وەک چۆن چەپکە گوڵە، بووەتە سیمبۆلێک بۆ دەربڕینی خۆشەویستی، لەمەش زیاتر سیمیۆلۆژیای پێرس پێی وایە هەموو زمان، زاراوەیە و سەر بە سیستەمی ڕەمزییە. نووسەر زۆر بە وردی کاری لەسەر تێزە سیمیۆلۆژییەکەی پێرس کردووە وەک تەئویلکردنی هێما لای پێرس و بەراوردکردنی لەگەڵ سۆسێر، یان گۆڕینی هێما بۆ هێمایەکی جیاواز، هەروەها لای پێرس چەمکی نواندن یەکێکە لە چەمکە گرنگەکان، پێرس دەڵێت چەند هێما هەمەلایەنە بێت، ئەوەندە بواری تەئویلکردن دەڕەخسێنێت، هەروەها گرنگی بوونی تەئویلکار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێوەندی نێوان هێماو هێما بۆکراوە پێوەندییەکی ناتەواوە، واتە هێما وێنەی کتومتی شتە هێما بۆکراوەکە نییە و ناتوانێت هەموو لایەن و وزەکانی بگرێتەوە، لە ڕوویەکی دیکەوە، زمان لای پێرس بەو پێیەی قەوارەی بیریان مەعریفەیە، بەرجەستەکەری کۆمەڵێک هێما پێکەوە چنراوە، کە دەتوانێت هێمای تر بخەنەوە و لەخۆ بگرن، چونکە پرەنسیبی بزاوتن تایبەتمەندی زاڵ و دیاری کاری پێرسە، لێرەوە توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە تێزە سیمیۆلۆژییەکەی پێرس، ڕێگا خۆشکەر و هاندەر و مژدە بەخشێکی هەڵوەشانەوەگەرایییە کە کاری لەسەر ئازادکردنی هێماکان کرد.

ئەم بابەتە لە هەمان کاتدا لە ڕووی ناتەواوی تێکست و ڕۆڵی ڕاڤەکار و ئازادکردنی هێماکانەوە کاریگەری تێزی فینۆمینۆلۆژیای «هۆسرەل» و چەمکی ئۆنتۆلۆژی «هایدگەر»مان بیر دەخاتەوە لێرەدا جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە، کە ئەم هەوڵانەی سۆسێر و پێرس و ڕۆلان بارت لەگەڵ هەوڵەکانی توێژەرە نوێیەکانی وەک پەلسیڤ و بنڤنیست و ترۆسکلۆی و مونان و بارت و کریستیڤا و گریماس و ئیکۆ کۆمەڵە ڕەوتێکی سیمیۆلۆژی تایبەتی پێکەوە ژیاوی هێنایە ئاراوە، بە هەموویانەوە ئیمپراتۆریەتێکی هێماییان بنیاد نا، پاشان نووسەر خودی سیمیۆلۆژیا وەک میتودێکی ڕەخنەیی دەخاتە ڕوو و کە لە زانستێکەوە سەرچاوەی گرتووە، بابەتەکەی هێمایە و هەوڵی دا لە میتودە وەسفییە ڕووتەکەی بنەماگەرایی بکۆڵێتەوە و پەردە لەسەر کەموکوڕییەکانی هەڵبماڵێت، جگە لەمەش ڕووداوەکانی ئایاری ساڵی ١٩٦٨ لە فەڕەنسا کاریگەری گەورەیان لەسەر کێشانەوەی شەپۆلی بنەماگەرایی و قووڵبوونەوەی ڕەخنەکاندا هەبووە، لە هەمان کاتدا هاندەرێک بوو بۆ دەسپێکردنی شۆڕشی سیمیۆلۆژیا.

هەوڵی دەرچوون لە میتودی وەسفیانەی بابەتیانەی بنەماگەرایی سەرەتا لە خودی سەرانی بنەماگەراییەوە دەستی پێ کرد، بۆ نموونە بارت جەختی لەوە کردەوە کە سەکۆ و تەلاری زمانەوانی

تەقیوە، بۆیە پێویستمان بە تێڕوانین و هەوڵی نوێیە. ئەم هەوڵە نوێیەش بە سیمیۆلۆژیا ناودەبەم- سیمیۆلۆژیا لە هەوڵی پەرەپێدانی ڕێگا کراوەکانی خوێندنەوەیە، بە پێچەوانەی بنەماگەرایی کە خوێندنەوە داخراوەکانی کردبووە ئامانجی خۆی و دەیویست نموونە بنەماییە دیاریکراوەکان لەناو گوتارەکاندا بچەسپێنێت، چونکە بڕوای وابوو، گوتارەکان خۆیان بەخۆیان یاسا و ڕێسا تایبەتەکانی خۆیان دادەڕێژن بە دوور لە خوێنەر، مرۆڤ و هەستی مرۆیانە وەلانرا، لێرەوە ڕۆجیە گارودی بنەماگەرایی بە فەلسەفەی مەرگی مرۆڤ ناونا، بۆیە سیمیۆلۆژیا هەوڵی ئازادکردنی خودی واتای دا، دکتۆر یادگار لەتیف بە وردی لە هەرسێ ڕەوتی سەرەکی سیمیۆلۆژیا دەدوێت:

**١- سیمیۆلۆژیای پێوەندیکردن:** ئەم ڕەوتە لەسەر دەستی «ئەندرێ ماتینێ» سەری هەڵدا گرنگی بە ڕەمزە بنیاد نراوە توند و بەندەکانی وەک هێمای ڕێگا و هێماکانی سەر جلوبەرگ و سیستمی ژمارەکانی تەلەفۆن دەدا.

**٢- سیمیۆلۆژیای دەلالە:** ئەم ڕەوتە لەسەر دەستی ڕۆلان بارت پەرەی سەند، بارت لە کتێبی «ئەفسانەکان» لە هێماکانی کۆلێیەوە و بکەرەکانی واتای تاوتووکرد و سەبارەت بە «ڕەوانبێژی وێنە» لە وتارێکیدا ڕیکلامێکی شی کردەوە، کە بۆ هەویرکارییەک کرابوو، بەپێی چینەجیاوازەکان کاری لەسەر ڕیکلامەکە کرد، وەک پێوەندی بەهای دەنگی و وشەی بانزانی، هەروەها بەپێی وێنەکانی تەماتە و پیاز و بەهارات و چینی ئایکۆنی و ڕەنگەکان، سەوز و زەرد و سوور، لێرە پێشنیاری ڕێگەیەکی کرد بۆ شیکارکردنی وێنە بەو پێیەی وێنە گوتارێکی دامەزراوە و بواری لەخۆگرتنی واتا دەڕەخسێنێت، ئیتر ڕیکلام هاتە ناو بواری لێکۆڵینەوە زانکۆییەکانەوە.

**٣- سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە:** ئەم ڕەوتە بۆ کارەکانی گریماس (١٩١٧-١٩٩٢)ی جێگرەوەی سۆسێر دەگەڕێتەوە، گریماس کاریگەربوو بە کارەکانی فۆلکلۆرناسی ڕووسی «فلادیمێر پرۆپ» پێی وابوو جۆراوجۆری گوتارەکان بۆ پێکهاتەی پێکهاتە سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە و چیرۆکە خۆشەویستییەکان هەموویان پشت بە یەک گرێچنە دەبەستن، خۆشەویستییەک ئاکامەکەی مەرگ دەبێت، گریماس گرنگی بە ئاستی ژێرخانی دەق و بنیادی قووڵ دا و پێی وابوو ئامانجی شیکردنەوەی سیمیۆلۆژیانە بۆ دەق دۆزینەوەی واتا و دەلالەتە، پاشان نووسەر لەم کتێبەدا لە جێدەست و کاریگەری ئەدمۆند هۆسرەل دەدوێت کە چۆن بیروبۆچوونەکان لە ڕەوتی سیمیۆلۆژیادا ڕەنگیان داوەتەوە.

لێکۆڵینەوەکەی «پێرس» بۆ سیمیۆلۆژیا گشتی بوو، گرنگییەکی ئەوتۆی بە زمان، یان هۆشیاری تاک نەدا، کەچی هۆسرەل لێکۆڵینەوەکانی لە گۆشەنیگای هۆشیاری تاک و ئەزموونی هەستدا چڕکردەوە، چونکە دیاردەگەرایی لە سەرەتاوە گرنگی بە دیاردەکانی چالاکییە دەروونی و هۆشییەکان داوە، جەختی لەسەر چەمکی مەبەست کردووە، پێی وابوو کە دیاردە هۆشی و دەروونییەکان خواست و مەبەستەکانی نیشان دەدەن، ئەم بنەما دیاردەگەراییە بوو بە دەروازەیەکی گرنگ بۆ سیمیۆلۆژیا بە تایبەتی لە ئەوروپادا، چونکە هۆسرەل هێمازمانییەکانی بە ئامرازی بیرکردنەوەی مەنتیقی دانا، کە لە توانایاندایە ڕاستی بەرجەستە بکەن، هۆسرەل سەبارەت بە هۆشیاری و بیرکردنەوە سوودی لە تێڕوانینی «ئیمانوئێل کانت» وەرگرت و مەعریفەی سووسەیی «المعرفة الحدسية» لەو چەمکانەی پشت بە بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی دەبەستن، جیاکردنەوە، هۆسرەل لەم خاڵەدا لە [فرانز برنتانو]ی مامۆستای جیا دەبێتەوە کە ئەو مەعریفەی سووسەیی و بەڵگە عەقڵییەکانی لەیەک جیا نەدەکردەوە، هۆسرەل هێماکانی بۆ دوو چەشن دابەش کرد، یەکەمیان چەشنی دەربڕینی هاوتا بە خودی خۆی، دووەمیان چەشنی هێما خاوەن دەلالە ناسەقامگیرەکان، هەروەها هۆسرەل دەڵێ لەناو وشەدا واتایەکی فەرهەنگی ڕەگوڕیشە داکوتراوی پێش گۆکراو هەیە، ئەو واتایە قەوارەی دەرەکی وشەکەیە، ئەمە ناسنامە دەبەخشێتە دەربڕین و لەنێوان خۆی و هێمای چەشنی دووەمدا جیاکاری دەکات، هەروەها ڕۆمان یاکۆپسن سوودی لە ڕوانینەکانی هۆسرەل وەرگرت، بە تایبەتی لە ڕووی سیستمی زمانی و واتا و هێماوە نووسەر زۆر بە وردی لەسەر ئەم بابەتانە هەڵوەستە دەکات، یاکۆپسن جەختی لەوە دەکردەوە کە بوونی واتا لە هەموو دەربڕینێکی شیعریدا پێویستە، کەچی «ئەرشیبولدە ماکلیش» دەیوت پێویستە قەسیدە هیچ واتایەک

نەگەیەنێت، بەڵکو هەر خۆی بگەیەنێت، بابەتی دووەم ڕوانینێکی «ژۆر ژ باتای»یم بیر دەخاتەوە، کاتێ دەیگوت دەق هیچ واتایەکی تێدا نییە ئەوە خوێنەری وەرگرە واتای پێدەبەخشێت. هەڵبەتە دواتر ئەم ڕوانینە لە زانکۆی کۆنستانس و لە بنەماکانی تیوری وەرگرتن و بە تایبەتی لای یاوس و ئایزەر بەشێوەیەکی سەیر پەرە دەسێنێت و لە تەئویل کردنی تێکستدا ڕۆڵێکی کاریگەر بە خوێنەری وەرگر دەدرێت، بەڵام یاکۆبسن هێما شیعرییەکانی لە جۆرەکانی تری هێما جیاکردەوە، ئەمەیش لە بەرانبەر سێ ئەرکی دەربڕین و ناولێنان و واتادا، کە پێشتر هۆسرەل بۆ چەمکی هێما دیاری کرد.

سیستمە زمانییەکانی یاکۆبسن بەم شێوەیەیە ئاراستەی سۆزی، یان هەستی، ئاراستەی پراکتیکی، ئاراستەی شیعری، قسەش «الکلام» لە چوارچێوەی هەر سیستمێک لەو سیستمانەدا ئاراستەی ئاگایی وەرگر دەکات و بەرەو سێ ڕەگەزی جیاواز دەیبات کە بریتین لە حاڵەتی دەروونی قسەکەر و ئەو واقیعەی قسەکە ئاماژەی بۆ دەکات و لەگەڵ خودی هێما واتە دەربڕین، یاکۆبسن بابەتەکەی بەشێوەی هێڵکاری پۆلێن کردووە و پێیوایە هیچ کردارێکی پێوەندیکردنی زمانی ناتوانێت دەسبەرداری یەکێک لەم شەش بکەرە بێت، کە بریتین لە نێرەر و بۆ نێرەر «وەرگر» ، یان ئەو کەسەی کۆدەکان شی دەکاتەوە» و نامە و کۆد کە پێوەری دیاریکردنی واتای نامەکەیە و سیاق «ئەو مەرجەعەی نامەکە ئاماژەی بۆ دەکات» گەیەنەر و نووسەر دەڵێن: ئەوەی لە هێڵکارییەکەی یاکۆبسندا تێبینی دەکرێت بریتییە لە ئەرکی ئیستێتیکی کە دەربڕینی زمانی دەکاتە دەربڕینێکی ئەدەبی، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر ڕوخساری خودی پەیامەکاندا دێت، بەڵام چۆن پەیامە شیعرییەکە دادەڕێژرێت و کاریگەری بەسەر چاوی خوێنەرەوە دەبێت، نووسەر دەڵێت: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وەرگر ئاراستەی دەربڕینە بەناوبانگەکەی یاکۆبسن دەکەین کە لە بنەڕەتدا سوودی لە سۆسێر وەرگرتووە کە دەڵێ: ئەرکی شیعری بریتییە لە یەکاندنی تەوەری «هاوتایی» لەگەڵ تەوەری «بەدوایەکدا هاتن» تەوەری هاوتایی بریتییە لە پێوەندی هاوکاتی نێوان شتەکان، کە دابڕێنراوە لە دەستێوەردانە زەمەنییەکانی، هەرچی تەوەری بەدوایەکدا هاتنیشە لەناویدا تەنیا لە یەک شت دەکۆڵێتەوە ئەویش لەیەک ساتی زەمەنیدا، بەڵام شتەکانی تەوەری یەکەم بە گۆڕانکارییەکانییەوە تێیدا دەردەکەون و هەموو سیستمێکی زمانەوانیش پشت بەم دوو تەوەرە دەبەستێت، چونکە واتای وشە لە ڕستەیەکی دیاریکراودا لە ڕێگەی هەڵکەوتنە شوێنییە ئاسۆییەکەیەوە «تەوەری بەدوای یەکدا هاتن» و لە ڕێگەی پێوەندی بە وشەکانی پێش خۆی و پاش خۆی دیاری دەکرێت، هەرچی تەوەری شاقوولییە «هەڵبژاردن» ئەوە خۆی لەو کۆمەڵە وشە هاوتاو واتا و دژانەدا دەبینێتەوە کە دەتوانێت جێگەی یەکتر بگرنەوە.

نووسەر لە بارەی ئەم بابەتە چەند نموونەیەک دەخاتەڕوو، هەروەها کاریگەری دیاردەگەرایی لەسەر گێڕانەوەزانی، یان زانستی گێڕانەوە، ئەم زانستە بە لقێک لە لقەکانی بنەماگەرایی دادەنرێت، کە لەناو لێکۆڵینەوەکانی کلۆد لیڤی- شتراوس- خەملا، پاشان لەناو کارەکانی توێژەرە بنەماگەراکانی وەک تزڤیتان تۆدۆرۆڤ دا پەرەی سەند. تۆدۆرۆڤ یەکەم کەس بوو زاراوەی زانستی گێڕانەوەی بەکارهێنا، هەروەها جیرار جینێت لەم بوارەدا خاوەن خوێندنەوەیەکی قووڵ و پرۆژەیەکی گونجاوە لەگەڵ پرۆژەکانی دیکەی پێش خۆی، پرۆژەکەی جینێت لەگەڵ کۆششەکانی ئەلگراد جۆلیان گریماس و جیراڵد پرێنس دا تەواو تۆکمە بوو، نووسەر لەم کتێبەدا زۆر بە وردی لە زانستی گێڕانەوە دەدوێت، گێڕانەوەزانی لە بنەڕەتدا لەو ڕوانگەیەوە لە گێڕانەوە دەکۆڵێتەوە کە ڕەگەزێکی ئەدەبییە، بۆیە لە بنەما و بنچینەکانی دەکۆڵێتەوە و سیستەم و سەنتەرەکانی ئاراستەکردنی دیاری دەکات و گرنگی بە هەموو ڕواڵەتەکانی گوتاری گێڕانەوەی دەدات، بە تایبەتی لە ڕووی شێواز و بنەما و دەلالەتەوە.

نووسەر بە وردی زاراوەکان پێناسە دەکات و جیاوازییەکان دەخاتەڕوو، بۆ نموونە گێڕانەوەزانی تێکڕای زانستەکەیە بە هەموو بنەما و لق و چڵ و پۆپەکانییەوە، گێڕانەوە بریتییە لەو تەکنیکەی لەناورۆمان و چیرۆکەکاندا گێڕەوە بەکاری دەهێنێت. بە مەبەستی وەسفکردنی شتەکان و نواندنی چالاکییەکان، بەڵام گوتاری گێڕانەوە وەک

بەرانبەرێکی زاراوەی چیرۆک، یان مەتن بەکاردێت.

دکتۆر دەڵێت: فۆرمالیستە ڕووسەکان پێشتر مەتنیان لە مەبنا جیاکردەوە، زانستی گێڕانەوە چیرۆکی لە بەرانبەری «مەتن»دا بەکارهێنا و مەبناشی لە بەرانبەری «گوتاری گێڕانەوە». چیرۆک ماددەی گێڕانەوەیە و لە ڕووداوی خاو پێکدێت و زەمەنەکەشی ئاساییە و بەدوایەکدا هاتووە «کرۆنۆلۆجی» ڕووداوەکانی بەدوایەکدا دێن، کەچی گوتار ئاستی دەربڕین پێکدەهێنێت. گوتار بەرانبەرەکەی چیرۆکە، واتە ئاستی چۆنیەتی گێڕانەوە بەرانبەر ئاستی «چی» ئەو ماددەیەی گێڕانەوە هەڵیگرتووە و زەمەنی گوتار بە زنجیرەی یەک بەدوای یەک هاتووی ڕووداوەکانەوە نابەستێتەوە، هەروەها گوتاری چیرۆکەکە گرنگی بە چۆنیەتی پێشکەشکردنی چیرۆکەکە دەدات، هەروەها ئاستی گوتاری گێڕانەوە خۆی بە ڕیزبەندی زەمەنەوە نابەستێتەوە، لەوەیە جۆرێک لە ناڕیزبەندی زەمەنی پراکتیزە بکات، بۆ نموونە ڕووداوی چوارەم، یەکەم، دووەم، سێیەم: یان دەکرێت چەند چیرۆکێک بەیەک ڕێگای گێڕانەوە بگێڕرێتەوە وەک چەقی ڕوانین و «التبئیر» و خێراکردن و دووبارەکردنەوە و مەوداو دووری.. لە ڕێگەی هەمان «گێڕەوە» و بۆ هەمان «بۆ گێڕەوەکان» لەناو دەقی گێڕانەوەدا نووسەر دەڵێت لێرەوە پێناسەی گێڕانەوە کراوە بەوەی بریتییە لەو چۆنیەتییەی چیرۆک/ مەتنی پێ دەگێڕرێتەوە لە ڕێگای گێڕەوە و بۆ گێڕەوە.. دواتر لە هەردوو ئاراستەکەی نێو گێڕانەوەزانی دەدوێت.

**١- سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە:** لە بواری مەتن «چیرۆک» دەکۆڵێتەوە و بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر حیکایەتە سادە و ئەفسانەکان و کورتە چیرۆکەکان دەکات، دواتر ئەم ئاراستەیە بازنەی گرنگیدانەکەی فراوان کرد و بایەخی بە بوارە مەعریفییە مرۆییە جیاوازەکان دا.

**٢- گێڕانەوەی زمانەوانی:** گرنگی بە ڕوخسارە زمانەوانییەکانی گوتار و گشت ئەو تێڕوانین و شێواز و گێڕەوانە دەدات کە لە خۆی گرتوون لەگەڵ ئەو پێوەندییانەی گێڕەوە بەگێڕدراو بۆ گێڕدراو گرێ دەدات و زۆرتر خۆی بە ئاستی دەربڕین، یان گوتاری گێڕانەوە دەبەستێتەوە. وەک کارە شیکارییەکەی تۆدۆرۆڤ بۆ «چیرۆکەکانی دوکامیرۆن»ی «جیۆڤانی بۆکاچیۆ»ی نووسەری ئیتالی، یان کارکردنی جیرار جینێت لەسەر ڕۆمانی «گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا»ی مارسێل پرۆست: ئەو دەقانە پشتگوێ دەخات کە بێ بۆ گێڕەوەیە، یان کارەکتەرێکی نییە ئەرکی گێڕانەوە ببینێ. تۆدۆرۆڤ و جینێت لە نوێنەرە هەرە دیارەکانی ئەم ئاراستەیەن.

نووسەر لە جیاکاری نێوان چیرۆک و گوتاری گێڕانەوەدا لە کاریگەری دیاردەگەرایی بەسەر گێڕانەوەزانیدا دەکۆڵێتەوە، بە تایبەتی لە ڕێگەی بەراوردکردنی جیهانی ناوەوەی دەق، واتە «گوتاری گێڕانەوە» بە جیهانی دەرەوەدا، واتە «ئاستی چیرۆک»، یان ماددەی چیرۆکی و بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکان و چەمکی کرۆنۆلۆجی زەمەن و پاش و پێشکردنی زەمەن و ڕووداوەکان کە لە شوێنگۆڕکێی بەردەوامن. لێرەدا زەمەن پابەندی بەدوایەکدا هاتنی مەنتیقییانە نییە، بۆیە جیرار جینێت ئاستی زەمەنی گوتار بە زەمەنی درۆزنی ناو دەبات، بۆیە بە گواستنەوەی زەمەنی چیرۆک بۆ نێو زەمەنی گوتار و پێوەندی زەمەنی گێڕانەوە بە زەمەنی ژیان و چڕکردن و پەستاندنی لە بنەڕەتدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەکرداری هاوشێوەی چەمکی هەڵواسینی دیاردەگەراییەوە هەیە کە هۆسرەل لە تێزە فینۆمینۆلۆژییەکەیدا جەختی لەسەر دەکات، هەروەها جیاکاری گێڕانەوەزانی لەنێوان زەمەنی گوتاری گێڕانەوەیی و زەمەنی ماددە گێڕدراوەکەدا لە بنەڕەتدا پشتی بە چەمکەکانی دیاردەگەرایی بەستووە، بە تایبەتی کاتێک هۆسرەل جیهانی بە بەشێکی دانەبڕاو لە خودی پەیبەر دانا، بەو هێندەی کە خودیش بە هەمان شێوە بەشێکە لێی...تاد.

یان کاتێک گێڕەوە لە ئاستی گوتاردا کۆمەڵە ڕووداوێک دەهێنێتە ناو کایەی گێڕانەوە کە لە توانایی وەرگر بەدەرە لە ڕێگەی هەستەکانییەوە پەییان پێ بەرێت ئەم جیاکارییەی نێوان کرداری گێڕانەوە و ماددە گێڕدراوە کە لە بنەڕەتدا جیاکاریەتی دیاردەگەراییە و هاوکات جۆرێکە لە کارکردن بە چەمکی مەبەست کە هۆسرەل جەختی لەسەر دەکات و پێی وایە بوون و واتا هەردەم بە یەکەوە گرێ دراون، هیچ شتێک بەبێ کەسێک بوونی نییە و هیچ کەسێکیش بەبێ شت بوونی نییە، شت و کەس لە ڕستەدا دوو ڕووی یەک دراون کە تێزی دیاردەگەرایی جەختی لەسەر دەکات.

نووسەر پێی وایە لە گەڕاندنەوەی جیاکاری نێوان کرداری گێڕانەوە و

مادده گێڕدراوه که بۆ دیاردەگەرایی ئەنجامێکی نییە تەنیا «تیری ئیگلتۆن» پێی گەشتبێت، بەڵکو «پۆل ڕیکۆر» لە بواری دیاردەگەرایی و هێرمینیوتیکا و گرنگییەکی زۆری بە بوارەکانی گێڕانەوەزانی و بەرهەمی مێژوونووسان و شیعرگەرایی و شوناس داوە.

ڕیکۆر پێی وایە جیاکاری نێوان زەمەنی چیرۆک و زەمەنی گوتاری گێڕانەوە، دەکەوێتە پاش جیاکاری نێوان ڕاستێتی کرداری گێڕانەوە و ماددەگێڕدراوەکە، پۆل ڕیکۆر لێرە سەبارەت بە کردەی گێڕانەوە و ماددەی گێڕانەوەکە ئاماژە بە زەمەنی ژیان دەدات و دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی ژیان ناتوانێت خۆی بگێڕێتەوە، بەڵکو ئێمە لە ناویدا دەژین، ئەمەش واتای زیندوویەتی گێڕانەوە دەگەیەنێت، پاشان دەربارەی زەمەنی چیرۆک و زەمەنی گوتاری گێڕانەوە، یان زەمەنی چیرۆک و زەمەنی هێنراو کرۆکی هەردوو ڕاڤەکارییەکە بۆ چەمکی دەربڕینێکی دیاردەگەرایی دەگەڕێنێتەوە کە دەڵێت: هەموو گێڕانەوەیەک بریتییە لە کردەی گێڕانەوە بۆ شتێک، کە نابێتە کرداری گێڕانەوە، بەڵکو دەبێتە کرداری ژیان. هەموو گێڕانەوەیەک لە سەردەمی «ئلیادە»وە گێڕانەوەی ئەو دەربڕینەیە، چەندێک ژیانی زەمەن قووڵ و دەوڵەمەندبێت، ئەوەندە شاکارەکە ڕوون دەبێت..

نووسەر بە وردی لە شوێنپەنجەی دیاردەگەرایی دەدوێت بەسەر جیاکارییەکەی جیرار جینێت کە لەنێوان گێڕانەوەی ڕووداو و گێڕانەوەی وتاردا ئەنجامی داوە.

جیرار جینێت لە کتێبی «گوتاری گێڕانەوە- توێژینەوە لە میتود» گێڕانەوەی ڕووداو لە گێڕانەوەی وتار جیا دەکاتەوە، ئەم تێڕوانینەی لە چەمکی «بوون و کات»ی هایدگەر و «ئاوێتەکردنی ئاسۆکان»ی گادامێر وەرگرتووە. جینێت پێی وایە گێڕانەوەی ڕووداو بەشێوەیەکی پەتی بێ لایەن بوونی نییە و دەشڵێت هیچ گێڕانەوەیەک بەبێ گێڕەوە، پاشان دانەر بوونی نییە. بەم بۆچوونە جینێت خەریکە لەگەڵ بنەماکاگەرایی نایەکانگیر دەبێتەوە، چونکە بنەماگەرایی دانەری پشتگوێ خستووە و ڕۆڵی وەلاناوە و هاوکات بڕیاری مەرگی بەسەردا سەپاندووە، جینێت جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە «گێڕەوە و بۆ گێڕەوە» خەیاڵی، یان نا خەیاڵی بن، یان کارەکتەرین لەنێو گێڕانەوەدا، یان نا، بێ دەنگین، یان زۆر بلێ، هەر چ شتێک بن، هەردەم لە دیدگای منەوە لە ناو کردەی پێوەندیکردندا ئامادەییان هەیە، چونکە لە حیکایەتە هەرەسادەکاندا، هەردەم کەسێک لەگەڵمدا دەدوێت و چیرۆکێکم بۆ دەگێڕێتەوە و بانگهێشتم دەکات گوێ لە گێڕانەوەکەی بگرم. لێرەدا نووسەر دەڵێت: جیرار جینێت تاکە بنەماگەرا نییە کە لە جیهانی داخراوی دەقی دەردەچێت و پرشنگ لە دیاردەگەرایی و هیرمینیوتیکاوە وەردەگرێت، بەڵکو «ڕۆلان بارت»یش لە توێژینەوە گێڕانەوەکانیدا کاریگەر دەبێت بە دیاردەگەرابییەوە، تەنانەت لەو کاتەی کە لە ترۆپکی چالاکییە بنەماگەراییەکانیدایە، بارت سوودێکی زۆری لە بنەماکانی دیاردەگەرایی وەرگرتووە، یان بەشێوەیەکی تر بنەماگەراییەکەی بەدیاردەگەرایی وەرگرتووە، یان بەشێوەیەکی تر بنەماگەراییەکەی بەدیاردەگەرایی تەڕ و ناسک کردووە.

نووسەر لە کاریگەری دیاردەگەرایی بەسەر هەڵوەشانەوەگەرابییەوە دەدوێت و جاک درێدا «١٩٣٠- ٢٠٠٤» لە سەرەتای سەرهەڵدانی تێزی هەڵوەشانەوەگەرایی سوود لە دەقێکی هۆسرەل وەردەگرێت کە لە بارەی «بنەچەی ئەندازە» دەدوێت، دواتر دریدا لە چاوپێکەوتنێکدا بە ڕاشکاوی دەڵێت سەرچاوەی تێز و فەلسەفەکەی من سێ بیرمەندن ئەوانیش «هۆسرەل و هایدگەر هیگڵ»ن زیاتریش بە هۆسرەل کاریگەرم، هەروەها جاک دریدا چەمک و زاراوەی «سڕینەوە» لە هایدگەر وەردەگرێت و دێ زاراوەی «Sousrature» فەرەنسی بەکار دێنێت کە واتای لە «ژێر سڕینەوە»دا دەگەیەنێت، مەبەستی سڕینەوەی وشەیە لەنێو دەقدا و بێ ئەوەی بەشێوەیەکی یەکجاری بیکوژێنێتەوە.

ئەم بۆچوونەش لە بنەڕەتدا لە هایدگەر خوازراوە، چونکە هایدگەر پێی وابوو کە سڕینەوەی وشە دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشان، هەروەها دریدا لە چەمکی بوون و لۆگۆس دا پشتی بە ڕوانینی مارتن هایدگەر بەستووە. نووسەر دەڵێت: کاریگەری هایدگەر لەم ئاستەدا نەوەستا، بەڵکو خودی زاراوەی هەڵوەشانەوەگەرایی بۆ هایدگەر دەگەڕێتەوە کە مەبەستی گۆڕینی بنەچەی میتافیزیکای خۆرئاوابوو، گرنگترین دەستکەوتی فەلسەفی و

زمانی و ئەدەبی و ڕەخنەیی دریدا خۆی لە دەرخستنی نادیار، یان شاراوە و نەوتراودا بینییەوە لەنێو ئەو دەقانە و دەقەکانی تردا، هەروەها خۆی لە تیشک خستنە سەر بوارە پەراوێز خراو و نادیار و براو و ناتەواوەکاندا بینییەوە، بە تایبەتی لە ڕووی دەربڕینەوە، هاوکات ستراتیژی هەڵوەشانەوەگەرایی بە پەردە هەڵماڵینی لەسەر دوالیزمە دژەکانی وەک ڕوح/ مادده/ ویستی خۆی لە پاشماوە میتافیزیکییەکان ڕزگار بکات، دوکتۆر یادگار لەتیف لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا کاری لەسەر دەقی «بنەچەی سەوسەن»ی ئەدۆنیس کردووە کە لەلایەن تەڵعەت تاهیری شاعیرەوە کراوە بە کوردی، نووسەر لە شیکاری و لێکۆڵینەوەکەیدا سوودی لە کۆمەڵێک چەمکی فینۆمینۆلۆژی وەرگرتووە، بە تایبەتی لە تێزە دیاردەگەراییەکەی هۆسرەل کە جەخت لەسەر چەمکی گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان و کردەی هەڵواسینی زەینی و هەست و مەبەستگەرایی دەکات و پێیوایە هیچ هەستێک بێ مەبەست نییە، وێڕای سوود وەرگرتنی لەبیر و بۆچوونەکانی هەریەک لە هایدگەر و ئین گاردن و گادامێر و باشلار و ڕیکۆر هەوڵی داوە چۆنیەتی دەرکەوتنی هەستی شاعیر لە نێو ئەزموونەکەی «تێکستەکان»دا شی بکاتەوە و دوایی لە چەمکی هۆشیاری خودی [واقیعی ژیاو] بدوێت کە لە بنەچەدا زاراوەیەکە هۆسرەل بەکاری بردووە، ڕوانینەکانی خودی پەیبەری شی کردووەتەوە و لە ڕەوتە شیعرییەکانی ئەدۆنیس دا چەمکی کات و شوێنی خستۆتە ڕوو، جووڵە و بزاڤی نێو دەقەکانی دیاری کردووە و لە هەمان کاتدا لە چەمکی هۆشیاری دواوە کە چۆن لای ئەدۆنیس لە ڕێگەی زمانەوە قووڵتر دەبێتەوە، دواتر لە چەمکی هۆشیاری بابەت دواوە کە چۆن چەمکی بابەت لە دەقی شیعردا چەشنی وێنەیەکی خەیاڵی بەرجەستە دەکرێت و کۆمەڵێک ڕەهەندی دەلالی و ئیستێتیکی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، هەروەها نووسین لای ئەدۆنیس لە دەقی «بنەچەی سەوسەن»دا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانەوە هەیە، یان وەک نووسەر دەڵێت: بە واتای بوونی هۆشیاری و ئەزموون و ئاگایی بە ساتەوەختی ژیاوەوە دەگەیەنێت، هەروەها چەمک و پێوەندی نێوان هۆشیاری و تێگەیشتن و بابەت و مەبەست و ژیان لای پۆل ڕیکۆر دەخاتە ڕوو، لەگەڵ کەشی پانتایی دەقی (بنەچەی سەوسەن) لە ماهیەتی واتا و دەلالەتەکان دەدوێت و گۆشەنیگای خودی پەیبەر شی دەکاتەوە و لە پرسیارەکانی دەق سەبارەت بە نهێنی بوون و واتای ژیان و مەرگ دەکۆڵێتەوە، دواتر لە ڕوانگەی «لۆی هۆک» لە واتا و تێگەیشتن و کاریگەری ناوونیشانە لاوەکییەکانی دەق دەدوێت بەو پێیەی کۆمەڵێک پێوەندی زمانی دروست دەکەن، هەروەها هەژموونی ڕەگەزی شوێن لە دەقی (بنەچەی سەوسەن)دا پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە.

نووسەر هەوڵی داوە لە ڕێگەی کۆمەڵێک چەمکی دیاردەگەراییەوە دەقەکە شی بکاتەوە، پاشان فەرهەنگێکی تایبەتی بە زاراوە بەکار بردووەکانی نێو کتێبەکە ئامادە کردووە لە کۆتاییدا دەڵێم من لەم خوێندنەوەیەدا «بە هەردوو بەشەکەیەوە» هەوڵم داوە پوختە و کرۆکی کتێبەکە بگوێزمەوە و لە هەندێک شوێنیش بیروبۆچوونی خۆم تۆمار بکەم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت دوای خوێندنەوەی کتێبەکە چێژێکی زۆرم لە بابەتەکان بینی، بە تایبەتی تێزی فینۆمینۆلۆژیای ئەدمۆند هۆسرەل کە پێشتر لە چەند نووسینێکمدا ئاماژەم بۆ ئەو تێزە داوە، بۆیە ویستم داتا و زانیارییە مەعریفی و فەلسەفییەکان بۆ خوێنەر بگوێزمەوە، چونکە نووسەر لەم کتێبەدا کاری لەسەر کۆمەڵێک سەرچاوەی جۆراوجۆری ڕەخنەیی و فەلسەفی و مەعریفی کردووە، بەڕاستی کتێبێکی ناوازە و دەوڵەمەندە بە داتا و زانیاری ڕەخنەیی، بە تایبەتی میتودە نوێیەکانی ڕەخنە و خوێندنەوەی دەق.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، نووسینی د. یادگار لەتیف شارەزووری، چاپی یەکەم، ٢٠١٥، چاپخانەی هێڤی - هەولێر.**